
# تارمایی دەنگ

شەمێن تەها
(شەقڵاوە)

دەنگێک دێت
نەشئەی سوبحی پێوەیە
دێت پڕ بە نەغمەی ئەی ڕەقیب
دێت بەهەنگاوی عیشق
دەنگێک دارماڵ لە یادەوەری و
قاقای هەرزەکاری
دەنگێک ناسکتر لەسەدای شالوور
زوڵاڵ زوڵاڵ دێت
دەڵێی زەنگی کڵێسایە
لە یەکشەماندا
پڕ پڕ لە هیوا و ئاوەدانی
گەشت بۆ جوانییەکانی هیران و نازەنین
گەشت بۆ شیعرەکانی تاغوور و بۆدلێر و نالی
ڕامان بەدیار تەسەوفی ڕابیعە و هەللاجەوە
گەشت لەگەڵ بەرزەخی دانتی
ڕۆچوون لەسوریالییەتی دالی و ڕۆمانسییەتی
(مۆنێ)یە
خولانەوە لەخولگەی خەون و سەرابی گەردوون
دەنگ دەنگی ژیانە و
سەدای نیشتمان
لەو سەریشەوە
حیکمەتێک
درزی خستبووە دەرگای
خەزان و پاییزی ئاشت دەکردەوە
دەنگێک لەگەڵ بیستنیدا دڵ دەبوو بە سێوی
بەهەشت
سەقفی زەوی باوەشی بۆ هەور دەکردەوە و
دڵم دەبوو بە چەتر



بۆ هەنگاوی گەڕانەوەت
ترووسکەی چرا ناخی پڕدەکرد لەئاسوودەیی
سەحەر کزەبای دەلاواندەوە
ئاسمانی ڕوح گەلاوێژێکی بەردەوام
بەو سەحەرە گەردوون
جوان جوان دەدرەوشایەوە
ناکاو دەنگێک دەبیستریێت
سامناکتر لە سەدای جەنگ
قورستر لە هەنگاوی غوربەت
تۆ نازانی هاوڕێ
ئەوکاتانەی ڕوح دەتۆرێت و
دڵ جڵەو لەدەست دەدات
دەڵێم مەڕۆ
لەوێ
جانتای پڕ و ئاوەدانت
لە شانی کەسێکی دی دەکرێت
وشەکانت بۆ دەوروبەر کاڵ دەبنەوە
کەس نایبیستێت
لە ئاسمانێکی هەمیشە تاریکدا
چاو بۆ مانگ و ئەستێرە دەگێڕیت
حیوارت لەگەڵ پەشیمانیدا نیو عومرە و
لەگەڵ خۆزگەکانت نیوەکەی دی
لەوێ کاتت بۆ نییە
سۆزێک دەرگات لەسەر ناکاتەوە
ئەوێ چاوەڕوانییەکی ئەبەدییە بۆ گەڕانەوەت
دەنگێک وەک ڕەشەبا دەلوورێنێ
بەتریشقەی هەور دەچێت
نەغمەیەکە
حوزنی لێ دەچۆڕێت
ئای لەو بەرامەی دەتبات
دەتبات و دەتبات
بۆ سنووری دوای ئاوەدانی
لەوێ هێدی هێدی
ئاوڕ بۆ ژیان دەدەیتەوە و
دەپرسیت
من بۆ لای تۆ هاتم
وەلێ نەمدیتیت !!

٤/ ١/ ٢٠٢٤